


فەرەیدون حەمەڕەشید _سویسرا

faraidun_73@hotmail.com

لەماوەی ئەزموون و دەسەلا تی سەرۆك وەزیران ئیبراهیم جەعفەری دا ئەوەندەی لێکترازا ن ویەکترقبوڵنەکردن ودوورکەوتنەوە لەنێوان دەسەلا تی بەغداوخەڵکی کوردستان لەهەرێمی کوردستان دەبینرا،ئەوەندە موتمانەی ئومێدومەودا بۆکاری هاوبەش لەنێواندانەمابوو،بەڵام دوای هاتنی نوری مالکی بۆناوکایەیی دەسەلا ت لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران ودواترخوێندنەوەی کارنامەی حکومەتەکەی لە 2006/5/20 دا ڕاستەو خۆئاماژەدا ن بەهەلوومەرجی کەرکوك وپۆلێنکرد نی ئەوئاریشەوقەیرانەمەترسیدار ە بەسەرسێ قۆناغ ، گەڕانەوەی تەعریب ،سەرژمێریکردن ،ڕیفراندۆم،کەمێك ترس ونیگەرانیەکانی خەڵکی کوردستا نی بۆماوەیەکی کا تی ڕەواندەوە،گەرچی لەسەرئەرزی واقیع تائێستاکانێ دەست بۆهیچ نەبراوەوهیچ هەنگاوێکی پۆزەتیڤمان بەچاووی خۆمان نەدیووە، بەڵام هەرئاماژەوداتاکان لەبەرامبەرهەنگاونان بۆکردنەوەی گرێ کوێرەسیاسییەکان بەردەوامیا ن پێوەدیارە، خوودی هاتنەکەی نوری مالکی بۆهەرێمی کوردستان وسەردا نی پەرلەما ن وقسەکردن لەسەرکۆمەڵێك قەیران وپرسی سیاسی،ئەکرێت بووترێت نیشانەی بەردەوامی هەنگاوەکانە بەڕووەپۆزەتیفەکەی دا ،
ە

گفتوو قسەکا نی نوری مالکی لەبەردەم پارت وڕێکخراوەکا نی کوردستان بە بەرچاووی دەزگاکا نی ڕاگەیاندنەوەبۆدەست بەکاربوو نی کۆمسیۆنی ئاسایکردنەوەی کەرکوك وناوچەبەعەرەبکراوەکان دەکرێت بڵێین دەرکەوتەی هەنگاوێکی نوێ دەبێت لای سەرا نی سیاسی لایە نی عەرە بی لەعێراقدا کەلەحەقیقە تی گۆڕانەکا ن ولەڕاستی ئاسەوارودەرئە نجامەڕەشە کا نی تەعریب بۆخەڵکی کوردستا ن تێبگەن و چیدی نەتوانن خۆلادان وسەرەڕۆی لەومیراتەبەجێماوەی شۆڤینیز م بکەن،ئە م هەنگاوەش بۆخۆی لەچوونەناوقۆناغی جێبەجێکرد ن وپراکتیزەکردندا چەندەبۆخەڵکی کوردستان سوودودەستکەوو تی گەڕانەوەی کەرکوك وناوچە بەعەرەبکراوەکانە،لەهاوتەرییبیدا گەورەترین قازانج ودەسکەوت بۆکۆمەڵگای عێراق لەگەڵ خۆی دا دەهێنێت کەتێدا سیاسەت ومێنتالیتێتی شۆڤینیەت وسڕینەوەی نەتەوەیی دەپێچێتەوە،مەعریفەی یەکترقبوڵکردن ودانانن بەماف وخاك و جوگرافیا وترادیسیۆ ن ومێژوو ی یەکترلەگە ڵ خۆیدادەهێنێ ت ،
ە

چ لەسەرئاستی وولاتا نی ئیقلیمی یان خوودی هێزەتووندڕەووشۆڤینیستەلۆکالەکا نی ناوعێراق زیاترلەدوو ساڵە لە بەرامبەرکەرکوك وناوچە بەعەرەبکراوەکا ن مانۆڕی سیاسی دەکرێت،هەرجارەی ئەلتێرناتیڤێکی نارۆشن لەبەرگی پیلانگێڕیدا وەك ڕێگەچارەی سیاسی فرێدەدرێتە ناوگۆڕەپانی سیاسی کەبۆخەڵکی کوردستان جێگەی پەسەند کردن ورەزامەندی نەبووە،ئەزموو نی مێژووی زیاترلەهەشتاساڵی ڕابردوو ئەوەی بەهەموولایەکمان گووتوە ،کەهەرڕێگە چارەوتەرحێکی سیاسی بۆخەڵکی کوردستان بەبێ پێشوازیکر دنی خەڵکی کوردستان لەوتەرحەسیاسییە، نەکردنەوەی گرێ کوێرەی سیاسییە لەعێراق ،لەئێستاداکەخەڵکی کوردستان لەچوارچیوەی هەرێمێکی فیدراڵدالەگەڵ دەسەلا تی عێراقی فیدراڵدا دەیەوێت پێکەوەبژی،بەپێداگری لەسەرئاسۆوئامانجەکان،کەئەویش گەڕانەوەی کەرکوك وناو چە بەعەرە بکر اوە کانە،ئەمەش بە پراکتیزەبوونی ماد ەی 140 ی دەستوور لەسەرئەرزی واقیع دێتەکامڵبوون.هەرلەوسۆنگەوەدەتوانین بڵێین دانپێدانا ن وهاتنەسەرباری نوری مالکی بەهەستان وڕاسپاردەکرد نی کۆمسیۆنی تایبەت بەئاسایکردنەوەی کەرکوك هەنگاونانێکی ڕیالیستیانەیە،هەم وازهێنا نی سیاسە تی سەرەڕۆییانەیەلەئەگێندای لای ەنی بەرامبەر،کاردانەوەی ئەمە ش لەمەیدا نی جیبەجێکردن دا پێشوازیکر نی خەڵکی کوردستا نی لێدەکەوێتەوە،پێشوازیکر دنی خەڵکی کوردستان_یش،سەرکەوتنی ئەزموو نی سیاسییەلەعێراق لەجێگەی دووبارنەبوونەوەی مێژوو،کەواتەئاسایکردنەوەی ناوچەبەعەرەبکراوەکان خاڵی دەستپێکرد نی متمانەوکارکرد نی هاوبەشەدەبێت لەنێوان حکومەتەکەی هەولێر وحکومەتەکەی بەغدا ..
ە